www.kurdistannet.org
20-7-2007 21:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هێرۆ مەولودی لە نێوان خەمناکی شیعر و بارانی ئەویندا ... دلاوەر ئەحمەد**

dlawar1968@yahoo. com

گەڕانەوە.... ئەو هەستە ناسك و خەمناکەیە کە خانم هێرۆ مەولودی لە ناویدا نم نمە فرمێسکی تیا ڕشتووە، ئەو گەیشتۆتە کۆتایی وێستگەکان و لەوێوە هەگبەیەکی پڕ لە جوانی و هەستێکیش کە لە قولایی ئارەزووێکی ئینسانیانەوە هەڵقولاوە... ڕوح لە لای ئەو بۆتە سەنگێکی مەحەك کە تیادا ئەتوانێ بەهەشتێك لە خەیاڵدانیدا چێ بکات و، لەو بەهەشتەدا ئیتر شیعرەکان تۆزیان لەسەر نانیشێت، ووشەکان هەر ئەوەندە لە ناخەوە دێنە دەرەوە ئیتر بەوە ڕاناگەن بکەونە سەر کاغەز کە ئاوێزانی عاشقەکەیان دەبن... لەوێ ماڵئاوایی و لێکدابڕان و فرمێکی دووری ئاوارەکراون، لەوێ جگە لە خەندە ڕوح و زەردەخەنەی دڵ و قاقای بەختەوەری هیچیتر جێگەی نابێتەوە... خەیاڵی خاتوو هێرۆ ئەم جیهانە و ئەم بەهەشتەمان لا وێنا دەکا، بە زمانێکی ڕۆمانسیانە حاڵیمان ئەکا کە ئینسان ئەگەر بە ناسکی بیربکاتەوە چەند بوونەوەرێکی بەریئە... چەند بوونەوەرێکی هەست بەرزە گەڕانەوە جگە لەوەی جۆگەلەیەکی فرمێسکە لاپەرەکانی تەڕکردووە.. وەلی پەیامێکی عاشقانەی جوانە کە مرۆڤ ئەگەڕێنێتەوە هەڕەتی عەشق و پێچەوانەی ئەوەی کە بڵێیت گەیشتۆتە دواوێستگە.. پێچەوانەی ئەوەی بێ هیوایی و، هاوکاتیش هێرۆ شەڕێکی قورس لەگەڵ زەمەن و کات دەکا.... هەموو مرۆڤێك لە ناخی خۆیدا ئەبێ شاعیر بێت بەڵام مەرج نیە هەموو مرۆڤەکان بتوانن ئەو گەمە سیحراوییە بە ووشە بکەن لەوانەیە کەسێکی نەخوێندەوار بە زمانە سادەکەی خۆی هەستێکی گەورەی شیعریمان پێ بلێ بەڵام ناتوانێ بینووسێ و وەك خاتوو هێرۆ ئەم گەمە جوانانە لە گەڵ شیعر و ووشە بکا، ناتوانێ وەك هێرۆ سیحرەکانی شیعر بکا، و لەم قولایی ڕۆحەوە ووشەکان وەك هەڵوەشاندنەوەی گوڵێك، پەڕەکانی لەسەر کاغەز بڵاودەکاتەوە... دەستخۆشیت لێدەکەم هیواخوازم بەردەوام و سەرکەوتووبیت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.